# دەریا لە تابلۆی چاوەکانی'هەردی ئەحمەد'ە



نوێترین بەرهەمی هونەرمەند و شاعیر هەردی ئەحمەدە، دەریا لە تابلۆی چاوەکانتا، بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری هاوبەشە، کە هەردی ئەحمەد وەک هەمو کارەکانی دیکەی بە شێوازێکی نوێ و جوان کاری تێیدا کردوە، ئەم بەرهەمە لە وڵاتی بەریتانیا سەرجەم کارەکانی بۆ کراوەو لە دەرهێنانی حەزرەتی هەست و مۆنتاژ و میوزیک لە لایەن هونەرمەندی خۆشەوسیت دڵزار شەنگەو کامێرا سەفا دارامانی و یاریدەدەری کامێرا هێمن ئەحمەد، تۆمارکردنی بەرهەمەکە لە ستۆدیۆی کۆمپانییای شەنگە میوزیک و فۆتۆگراف و کارە هونەریەکانیش لە هەمان کۆمپانیادا جێبەجێکراوە،.

ئەم بەرهەمە نوێیەی هونەرمەند و شاعیر هەردی ئەحمەد یەکێکە لە کارە نوێکانی کە بە شێوازێکی سەردەمیانە کارە هونەریەکانی بۆ جێبەجێکراوە، شایانی باسە ئەم بەرهەمە چیرۆکێکی تراژیدیای خەیاڵەو لە ناخی سیایی بە فەنتازیابونی نەبونی هەقیقەتی راستیەکانەوە هەموو بیرەوەریە کۆن و داهاتوی خەیاڵە نەورەسیەکانی بە دەم نەسیمەکانی سوبحەوە ڕانجاندوە، لەم بەرهەمەدا جگە لە شاعیر پێناچێت کەسێک هەبێت کە لە ناوەوەی ناخی شاعیر بگات وا بە ئاسانی! لێ لە گەڵ ئەوەی ناکرێت بە بەرهەمێکی ئەدەبی و کارێکی هونەری پێشکەش نەکرێت لە کۆتاییدا، هەر بۆیە ئەم بەرهەمە دەکرا لە سەری ساڵی نوێدا بڵاو بکرایەتەوە، لێ بە داخەوە لەبەر چەند سەفەرێک و سەرقاڵی بەرپرسی کارە هونەریەکان لە ئێستادا، هەوڵدەدەین بە زوترین کات بڵاوی بکەینەوە، چاوەڕوانی گرتەی وێنەکانی ناو دەریای هەردی ئەحمەد بن لە خیانەتی شەپۆل و لەنگەری کەناردا، لە قوڵای دەریا و لە شینی تاواندا بزانن ئەم هەموو ڕازانە ئاراستەی کێ دەکرێن،لە کاتێکدا شاعیر ئابەم جەشنە لە ڕابردوی خۆیدا شین دەگێڕێت،شین لە تاوانە سامناک لە ئاییندەدا خەمناک لە ڕوانینداو مەنگ لە نیگا کردنداو زرینگ لە برندا،و جوان لە ڕەونەقداو ناشرین ناشرینترین لە هەقیقەتدا، چاوەڕوانی شەپۆلێکی تری دڵڕەقنەیە،

بە مەرجێک بمرێت،(باران)ێک بیشواتەوە، هەردی ئەحمەد لە مردن و لە (ئەو) بێمنەتە!!... چاوەڕوان بن بەم زوانە،.

سوپاس و پێزانینێکی زۆر بۆ ئەو دەستە ستەفە خۆشەویستەش کە لە پشت کامێرەوە هەریەکەیان ڕۆڵێکی گەورەیان نواندوە، هەر یەک لەو بەڕێزانەش

خاتو سارا کاوە